

# بەخاكسپاردنی سێ برا شەهیدەكەی سۆران و مردنی ئێوە!

**دەریا ڕەوانـدزی**

ئەو مرۆڤانەی بۆ هەتایە لەنێو دڵ و سەر زمانی نەتەوەكەیان دەمێننەوە، ئەوانەن گیانی خۆیان دەكەنە قوربانی بۆ خاك و نەتەوەكەیان، ژیان لای ئەوان مانەوەی نەتەوەكەیانە بە ئازادی، پاراستنی خاكە بەخوێن بۆ ئەوەی دوژمنان نەتوانن خاكی وڵات داگیر بكەن.
شەهید بوونی سێ برا، كوژانەوەی ڕۆشنایی چاوەكانی دایكێكە، تاریكبوونی دڵی هاوسەرەكانیانە، بێناز بوونی منداڵەكانە، بۆن سوێی هەتایی جەرگی باوكێكە، ئەوانە وڵاتیان بە خوێن و گیانی خۆیان ڕۆشەن كردەوە، ئەوانە بوون بەمۆم بۆ ڕۆشنایی هەموو ماڵێك، ئەوان ڕێگەیان نەدا جەرگی دایك و باوكان بسوتێ، ئەوان سەربەرزی نەتەوەیەكیان بەپاڵەوانی خۆیان هێشتەوە، ئەوان سێ پاڵەوانی سۆران بوون مێژووی نەتەوەیەكین بە پاڵەوانی نوسییەوە.
ئەوان پاڵەوانی نەتەوەیەك بوون، دەیانزانی كوردایەتی قیبلەی ئازادییە، ئەوان بە دنیایان وت: نیشتمان پارێزی و خۆشەویستنی نەتەوەیی چاو نەترسی و گیان فیدایی دەوێ، بەدنیایان وت: ئێمە زامێكی ئێجگار قووڵین، بەڵام هەر چۆنێك بێت لەبەرە بەیان بەبێ ترس لەمەرگ بانگی ئازادی نەتەوەكەمان دەدەین و ژێر دەستی قبوڵ ناكەین.
سێ گیان فیداكەی كوردستان و خاكی نیشتمانم، ئێوە بە سەرۆك و سەركردەكانتان وت: ئاوڕێ لەو ڕوبارە سوورانە بدەنەوە، ئاوڕێ لە تاڤگەی خوێنمان بدەنەوە، ئاوڕێ لە ئەوینی بێ گەردی وەك هەتاو بدەنەوە، ئاوڕێك لەژیانی پێشمەرگە بدەنەوە، بەهەر شێوەیەك بێت گیان فیدایە، بەرگەی سەرماو گەرما دەگرن.
ئەوان ناچن لەمینبەری مزگەوتەكان هاوار بكەن و بەناوی خودا مرۆڤ بكوژان، ئەوان
لە گەرووی كێوەكاندا، لەبەر كەوی بناردا، لە زەرد و ماهی چیاكاندا
لە شەقام و لە كۆڵان و لەبەر دەرگای هەر ماڵێكدا...دەوەستن
بەهێمنی و ڕاستگۆیانە دەڵێن: سوێند بەو خودایەی لەدوژمنەكانمان بێبەرییە، ئێوە ئارام بخەون و ئێمە گیانی خۆمان بۆ پاراستنی ئێوە دەكەینە قوربانی، چاو داخەن و ئارام بخەون وڵات پارێزراوە.
وەرن، ئەی ئەوانە هەمیشە باسی مافی مرۆڤ و نەتەوەكان دەكەن
ئەی ئەوانەی باسی مافی منداڵ و ژنان دەكەن
ئەی ئەوانەی ئازاری نەتەوەیەك نابینن، كە زەمانێكە وڵاتەكەی لەت لەت كراوە

ئەمڕۆ دایکی جگەر سوتاوی شارەکەم، وەکو مۆم توایەوە، زامەکانم سارێژ نابێت؛
لە مەراسیمی بە خاک سپاردنی، سێ نەمردا
جەرگ دەسووتێ، دڵەکان دەمرن، کانیاوەکان ووشک دەبن، سێ رۆحی پاک و بێگەرد، بە دڵێکەوە هاوار دەکەن، نەفرەت دەکەن لەجەنگ، سێ ئەستێرەی پریشنگدار، دەرۆنەوە بەرەو سۆران، سەرکردەکان ئیتر بەسە، لەکۆشکەکەتان دابەزن، برۆن بەرەو سۆران، سێ جەستەی پیرۆز لەخاکی سۆران بۆ ئەبەد دەمێننەوە، سێ پالەوانی سەدەی بیست و یەك لەخاکی پیرۆزی نیشتمان دەنێژرێن.
نەتەوەکەم دەزانن.. ئەوانیش دەیانزانی، سەرکردەکان هەندێ جار دەست لەنێو دەستی یەکترن و هەندێ جاریش نەیارو دوژمنی سەرسەختی یەکترن، هەندێ جار بەشان و باڵی یەکتر دەلاوێنن، هەندێ جاریش ئێسک و پروسکی یەکتر دەشکێنن.
ناخۆشیەکانی وڵاتی من بێ کۆتاین، بەڵام هەست دەکەم لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە، کە سەرکردەو بەرپرسەکان چۆن رێز لەشەهید دەگرن، کاتێك دایکێک بە هەژاری منداڵەکانی پەروەردە بکات و گیانی خۆیان بکەنە قوربانی، نازانم سەرکردەکان و بەرپرسەکان چۆن شەرم ناکەن کە دەبێنن قوربانیەکان تەنها دایك و باوکانی هەژارن، تەنها ئەو منداڵانە بێنازو سۆز دەبن کە هەژاری ژیانی تاڵکردون و ئێستاش بێباوکی، تەنها ئەو ژنانە بێوەژن دەمێننەوە، کە ژیانی هەژاری هیچ بەزەییەکی پێیاندا نەهاتۆتەوە، ئەو سەرکردانەی کە شەرم لە هیچ شتێك ناکەن، ئەوان ئەو پیاوانەن کە گرنگی بە عەقڵیان نادەن، ئەو سەرکردانەی هەرگیز ناگرین، ئەو سەرکردانەن کە گرنگی بەویژدانیان نادەن، تەنها گرنگی بە گیرفانیان دەدەن.
نازانم ئەی سێ شەهیدە مەزنەکەی وڵاتم چەند سەرکردە ئامادەی ناشتنی تەرمی پیرۆزی ئێوە بوون، نازانم چەند سەرۆك و سەرکردە بۆتان گریان و بیریان لەجەرگ سوتانی دایکی مەزنتان کردەوە، بەڵام لەوڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەتی کەنەدا رێز لە شەهید دەگیرێت، سەرۆک وەزیر، وەزارەتی پێشمەرگە ئامادە دەبێت، بە گوڵ ڕازاندنەوە ئامادەی مەراسیم دەبن.
چەند بەسوێیە کاتێك پالەوانی وەك ئێوە بەخاك دەسپێرن، سەرۆك و سەرکردەکان لەکوێن، ئەگەر ئێوە کەسێکی 100 ساڵتان بمرێ پرسەی سەرتاسەری رادەگەینن، بەڵام ئەو پرسەیەی سۆران پێویستی بەراگەیاندنی پرسەی سەرتاسەری بوو.
ئێوە بەجەستە رۆیشتن، بەڵام بە نەمری لەدڵ و مێژووی نەتەوەیەك دەمێننەوە، ئێوە نیشانەی سەربەرزی و خۆراگری و گیانی فیدایی و خاك پارێزی نەتەوەیەکن، هەمووومان شانازیتان پێوە دەکەین و رۆحتان شاد بێت.
وێنەکان بە خاک سپاردنی سێ برای جوانەمەرگ و بە خاک سپاردنی شەهید لە ووڵاتی کەنەدا بە ووڵاتی ( babey country )ناسراوە شەرم بکەن سەرکردەکان!.

دەریا رەواندزی